کورتەیەک لەژیانی من، ئەحمەد بەهرامی" تورجان"

زۆر ڕاپەڕین و ڕووداووبوون خەڵک بەدڵ و گیان بەرەوپیری چوون. هێزی جەماوەر و ڕەهبەرانی هوشیار هەنگاوی بزووتنەوە عەداڵەتخواز و مودێرنەکان بوون. بەڵام لەڕەوتی بەرەوپێشچونی هەرکام لەوشۆڕشانە زۆربەی هەرەزۆری ئەوانە بەئامانجی خۆی نەگەیشتوون و چوونە خزمەت بەرژەوەندی چەندتاقم و کەس کە لەئاکامدا خەڵک پەراوێز خراون.

لەوڵاتی من کوردستان لەسەردەمی تەمەنی لاویمدا شۆڕشێک سەری هەڵدا دەبوو کاری بۆبکرێت نیشتمان بۆ خەڵکی ژێردەست ببێتە قوتابخانەیەک بۆ گوزەر لەوسیستەمە چەق بەستووەی هەیە. منیش وەک هاوچینەکانم دەردو ڕەنجەکانم هەست دەکرد دەبوو بچمە ڕیزی ئەو چالاکیەی خەڵکی جۆربەجۆر ڕووی تێدەکرد. ژنان و خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگا هیوای پێیبوو. لەوسەردەمەدا کۆمەڵە وەک هێزیکی لاوو خاوەن بیری نۆێ لە کوردستان، ئەو وەسیلەبوو توانی تاحەدێک دەرگاداخراوەکان بکاتەوە و باسی ئەو کەلتوور و شێوازەی کرد، کە باسکردنی مەمنوع بوو لە کۆمەڵگادا. ئەوە ئەو شەقامە بوو من پێم نابووە سەری دەبوو بڕۆم ئەوەی دەمویست لەو مەیدانە کاری بۆ بکەم. کۆمەڵە هەرچەند وەک هێزی چەپ سەرەتای کار و چالاکی بوو لە کۆمەڵگایەکی داخراوو گەمارۆدراو بە هزری کۆن و نەرێتە کۆنەکانی پێیدادەگرت دەبێ مرۆڤی ژێردەست مافی دەخالەتی لە سەرچارەنووسی خۆی بێت. ئەوەی من ناسیم و دەم خوێندەوە بزووتنەوەی چەپ بەڕەهبەری کۆمەڵە سەری بۆ ئەوەدانەنەواند ئیدئالیستانە چاوی لە ئاڵوگۆڕەکان دەکرد. کۆمەڵە واقیعبینانە ئاماژەی بە کێشەکان دەکرد. ژن و چینی هەژار بۆ کۆمەڵە هەدەف بوو دەبێ هوشیاربن و بەهوشیاری داوای مافی خۆی بکارت. ئەوەش هەر کەمووکوڕیەکی بووبێت هەنگاوێکی زۆربوێرانە و هوشیارانەبوو ڕەوتی چەپ و عەداڵەتخوازی تێداکۆبوونەوە. ئەوە شەقامێکی کراوە بوو ژن و چینی زەحمەتکێش خەریک بوو کەسایەتی خۆی تێدا دەدۆزیەوە. ئەوە کار و زەحمەتی هەموو ئەوانەیە لەپێناویدا گیانیان داوە و ماندوبوون و ئەو ڕێبازەیان بەهی خۆیان زانیوە.

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا منیش وەک منداڵەکانی هاوتەمەن و هاوژیانی خۆم لە کوردستانی ئێران لە ئاوایی تورجان سەر بەشاری سەقز لە دایک بووم. وەک هەموو منداڵەکانی تورجان لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی ڕۆژگاری سەردەمی خۆم ژیاوم. کوێرەوەریەکانم دی و ئەزمونم کردن. ئەو ژیانە چەرمەسەرەم ئەزمون کرد هەزارانی وەک من تێدابوون و ئەوەیان ئەزمون کرد. ژیان لە گوند تا ئەو کاتە خۆشە لەگەڵ سروشتی حەقیقی خۆتادەژی نەک دووری و مەحرووم بوون لەوەی کۆمەڵگایەکی شارستانی هەیەتی. بۆیە بۆ من تورجان خۆش و ناخۆش بوو کە مرۆڤەکان نەیان دەتوانی وەک خۆی سود لەو سروشتەبەرن خۆیان

دەیخوڵقێنن. بەهەرحاڵ ئەوەی کە بیستوومە و دەیزانم بنەوبنەچەکمان خەڵکی تورجانین.
بنەماڵەی ئێمە وەک هەموو گوندنشینێک بەشبەحاڵی خۆیان و بەپێی ژیانی گوندنشینی، لە دەردەسەری و هەژاری و فەقیریدا ژیاون. باوکم و باوە گەورەم و مامەکان ژیانی دەورانی ئەرباب و ڕەعێتیان ئەزمون کردبوو. بەڵام خۆشبەختانە من ئەو دەورانەم نەدی و ژانەکەی نازانم.
ئەوەتەی من فامم کرۆتەوە خانەوادەی من ئەو فەقیرە نەبووین کارمان بۆ خەڵککردبێ و ڕەنجبەری خەڵکمان کردبێ. باوکم وەک جووتیارێک کەخۆی دەژیەنێ و موحتاجی دەرەکی نەبوو، لەسەر زەوی خۆی کاریکردوە و ژیاوە. بەوحاڵەوە ئەگەرچی بنەماڵەی ئێمە دەوڵەمەند و دارا نەبووین، بەڵام جزوی بنەماڵە خوێندەوارەکانی تورجان بووین.
باوەگەورەم باوکی باوکم دۆستی نزیکی بنەماڵەی مەلاعەلی قزڵجی بووە لە تورجان. هەر بەوبۆنەوە ئەوانیش وەک خۆشەویست و نزیک خوشکەزای مەڵاعەلی قزڵجی بەناوی خەجیجەخانم، کە دەبێتە دایکی باوکم داوە بەباوەگەورەم و خزمایەتی لەگەڵ دیارترین کەسایەتی و خوێندەواری ئەو سەردەم لە کوردستان لە نێوانیان دروست دەبێت. بۆیە ئێمەش ئەو شانازیەمان پێبڕاوە وەک نەوەی ئەو بنەماڵە دیار و خوێندەوارەبین.
من لە تورجان لە دایکبووم و لەوێش گەورەبووم. لەسەردەمی لاویی و تازەپێگەیندا، لەگەڵ باوکم و براکانم کاری جووتیاریم کردووە. بەڵام بەهۆی شەرایت و ژیانی دێهات من تەنیا توانیومە خۆێندنی سەرەتایەکی کەم دەرس بخوێنم نەم توانیوە خوێندن تەواوبکەم. یەکەم هۆش ئەوەبوو ئێمە وەک خوشکوبرازۆربووین و توانای خوێندن بەرهەموومان نەدەکەوت لەبارەی ماڵی و کاریەوە.
لەگەڵ ئەوەش باوکی باوکم ئەو گەورە و بڕیاردەری هەمووشت بوو. لەعەینی حاڵدا ئەو سۆفی شێخەکان بوو. باوەڕی بەخوێندنی مەزهەبی بوو. قسەی شێخ وای لێکردبوو زۆر لەخوێندنی غەیرەمەزهەبی دەترسا؟ گۆیا هەرکەس دەرسی غەیرە دینی بەمنداڵی بخوێنێت بێدین دەبێت! لەو سەردەمەدا کەلتووری شێخایەتی برەوی بوو، قسەی شێخ حکومی قسەی خودای بوو. تورجانیش ئاواییەکی شێخ نیشن بوو. ئەوە گەورەترین هۆبوو بۆ مەحڕوم بوونی زۆر کەس لەخوێندن. زۆر باشم لە بیرمە لە سەر ئەوە ئێمە منداڵی تورجان لە قوتابخانەی غەیرە حوجەرە دەمان خوێن، ئاغاکان و شێخەکان دەیان گوت ئەوە دەرسی شەیتانیە. ئەوە دەرسی دژی خوادییە منداڵی خەڵک لە قوتابخانە دەیخوێنن. لەسەر ئەو فتوایەیی لەلایەن شێخ و ئاغاکان بە سۆفی و کەسە بەتەمەنەکان گوترا لە یەک زستانی سارد و ناوخۆش زۆر خێرا زیاتر لە هەشتا کەسی وەک من بە فەرمانی باوک و گەورەکانمان لە خوێندن وازی هێنا. چونکە شێخەکان وەک گەورەو دەمڕاست و هەمەکارەی ژیانی خەڵک بەخەڵکیان دەگوت" منداڵەکانتان مەنێرنە مەدرەسە دەوڵەتیەکان بۆئەوە فێری دەرسی شەیتانی نەبن. لەبری مەدرەسە دەوڵەتیەکان بامنداڵەکانتان بچنە حوجەرو دەرسی دینی بخوێنن. ئەوە لە کاتێکدابوو منداڵەکانی خۆیان لە زانکۆکانی تاران و تەورێز دیانخوێندن".

دوای ئەوە گەورە بووم و توانیم کاسە قور بۆبەننا بەرم، لە تەمەنێکی زۆرکەمدا چوومە تاران بۆ کارکردن. ڕۆیشتنم لە ئاوایی و پێنانە فەزایەکی تر و دیتنی دنیایەکی تر، ئیدی لێرەوە ژیانی من گۆڕا چوومە دنیایەکی ترەوە. دنیایەک پڕبوو لە شتی نوێ و کەلتووری جیا لە گوند.

لێرە لەگەورەترین شاری ئێران من دنیایەکی ترم بینی. دنیایەک لەگەڵ ئەوەی تێیداگەورە ببووم زۆر جیاوازیان بوو. دنیایەکی کراوە و شارستانی. ڕوخساری تازە و بیرکردنەوەیەکی تر. هەرچەند گومبەزی مزگەوتەکان دیاربوون دەنگی مەلای لێوەدەها، بەڵام ئێرە دنیای خوێندەوار و فکری ئازاد پرلە یاساغەیرە دینییەکان بوو لە ناوچە فەقیرەکانی ئێران نەبوو. لێرە لەتارانی گەورەدا ئەنواعی گۆڤار و کتێب و تەلەڤیزیوێن و سینەما و کۆڕوکۆمەڵی هەمەجۆر لە شەقام و گەڕەکەکانی شار خۆی دەنواند. شەقام و شوێنی کار پڕ لە خەڵکانی موختەلیف و زمانی موختەلیف. بەو هۆیەش دروست بوونی ڕەوابت و پێوەندی جۆرەها نەتەوە و ئاین لەگەڵ یەک پێکدەهات. لەو تێکەڵاویی و لێک هەڵەنگوتەنەشدا، نائارامی کۆڵان و شەقامەکان لەوپەڕی خۆیدابوو. بەهەرکوێدا گوزەرتدەکرد لەبەرچاوت بە سەدان جۆر مرۆڤی تایبەتی دەدی کەس کاری بەکەس نەبوو. نەعرەتەلێدانی مەستوسەرخۆشەکانی ئێواران. شەڕ و چەقۆکێشی سەر شەقام. سەرخۆش و موعتادی سەر جادە و کۆڵان. عەربەدەکێشانی لات و شەقاوەکانی سەر شەقام و کۆڵان. کارتۆن خابەکان لە کەلاواکانی ناو شار. گەڕەکی گەورەی تاران بەناوی تەنەکە نیشنیەکان(حەڵەبیاوا). دەوڵەمەند و فەقیر. هاتووهاواری جۆرەها بنیادەم بۆ کار و کڕین و فرۆشتن وەک شەپۆلی ڕووبارەکان دەچوو. ئەوە دنیایەک بوو دیتنی بۆم زۆر تازەبوو. دنیایەکی نوێ پڕ لەوەشەی نوێ و ئەزموون وەرگرتن لە چاکوخراپی.

لەو دەرهەموبەرهەمەدا لاوەکانی تاران وەک پیشەی دواکەوتوویی کۆنی هەروڵاتێک، ئەوان جنێویان بەخەڵکی ڕەشت و غەیرە تارانی دەدا و گاڵتەیان پێدەکردن. بەتایبەت ئەو پیاوانەی سەریان تاس بوو بۆیان کارەسات بوو بچنە شەقام. کوردیان بەکرماشانی دەناسی. لای کوردەکان بەگشتی کرماشانی ئازایی و غیرەتی کورد بوو. ئەوەش نائارامی و کێشەی لێدروست دەبوو چ لەشوێن کان. لەسەر شەقام، لەناو ئوتووبووس و تاسکی. ئەو فەرهەنگە خراپە وەک فەرق و جیاوازیەیی نێوان نەتەوەکان ئازاری دەدای. گەورەیی و چکۆلەیی نەتەوەکان بەسەریەکدا فەرزدەکرد. لەناو کرێکارکانیش کە لەنەتەوەی جۆراوجۆربوون ئەو فەزایە بێتەئسیرنەبوو. بەتاینەت فارس وەک خاوەن دەسەڵات خۆیان لەهەموو کەس پێ باڵاتربوو. تەقیربەن لە شوێنی کار و ئیدارات. لە بچوکترین شوێنی کار لە سەرکاریگەرەوە تا موهەندیس و دکتور و کۆنترۆڵچی بەدەست فارس بوو. ئەو فەرقوجیاوازیە دەبوونە کێشە. زووزوو شەڕ ڕووی دەدا و دەبووە شەڕی تورک و فارس. شەڕی تورک و کورد. شەڕی عەڕەب و بلوچ. ئێرانی و ئەفغانی. شەڕی شیعە و سوننی لەسەر ناوی عەلی و عومەر! ئەوە لەئەوەڵەوە نائەمنی دەخوڵقاند تالەیەک حاڵی دەبوون و دەبووی بەدۆست زۆر قورس بوو

لەو قەرەباڵەغییەدا خەڵکی جیاواز بەکەلتووری جیا و میللەتی جۆراوجۆر تێکەڵ دەبوون و دەبوونە هاوکار. ئەو خەڵکە بەیەک بێگانەیە لەگەڵ یەک بەخو و خەسڵەتی جیا، مەزەهەبی جیا لە شوێنێکداکۆدەبوونەوە. ئەوانە زۆری غەریبە بوون لێرە لێک هەڵ دەنگوتن و قسەیان بەیەکەوە دەکرد. ئیدی بەبینینی ئەو دیمەنانە لەسەر شەقام، لە قاوەخانە لە شوێنی کار دەتزانی ئەو ئێرانە تەنیا تورک و فارس و کوردی تێدانییە.

فەزای شار وەک ئەوەبوو لە جێگایەکی تەنگەبەرەوە هاتبیە فەزایەکی کراوەتر و ئازاد هەناسە بکێشی. شار مەیدانی کراوە و دوور لەسەرزەنشتی دواکەوتوانە بوو. ئەوەش بەدەیان قات لە پێش فەرهەنگی دێهاتەوە بوو. ئەوە بوو خەڵک و فەرهەنگە جیاوازەکانی لە یەک نزیکتر دەکردەوە و هەموو تیرەکانی خەڵک یەکیان دەناسی و وێنەیان لەگەڵ یەک دەگرت. لەگەڵ یەک ئاشنا دەبوون. لە چارەنووسی یەک حاڵی دەبوون. ئەوە لەگەڵ ئەو کەلتوور و دابوونەرێتانەی منی تێداگەورە ببووم و دیبووم زۆر جیاوازیان بوو. وەک دەبیندرا کوردستان لە هێچ بوارێکدا پێی نەناوەتە بواری گەشەی شارستانی بەرز. هیچ بوارێکی پیشەسازی و خوێندنی باڵای ئەوتۆی تێدانییە. کەرەسەی کارکردن و بەرهەمهێنان لە کوردستان لەوپەڕی نزمی سادەیی دەورانی هەرەکۆنیدایە. لە بەشی هەرەزۆری کوردستان خەڵک بەگاو کەرجوت دەکەن و کاری وەرزێڕی بەڕێوەدەبەن. لە کوردستان زۆر کەم ئاوایی تەراکتۆر و ئوتۆمبیلی هەیە. دۆخی کەرتی تەندروستی و خوێندن و ڕێگاوبان لە کوردستان لەوپەڕی لاوازیدان.
زۆرترین خەڵک هێشتا گوندنشین و دوورن لە ئاشنابوون بەوەی لە ئێران دەستی پێکردووە.
ئیسلاحاتی ئەرزی بووە دەسەڵاتیک بەناو دەسەڵاتی پیسی ئەربابوڕعێتی نەماوە.
سەرانەسەندن و بێگاری کۆتایی هاتووە. دەستدرێژی ئاغا بۆسەر خەڵک کۆتایی هاتووە. باج ساندنەکان زۆر کەم بوون. منداڵی ئاواییەکان زۆرتردەچنە قوتابخانەکان. سپای دانش هەیە.
دادگوستەری لە جێگای حکومی مەزهەبی و دەسەڵاتی ناوچەی ئاغاکان دامەزراوە.
بەڵام ئەوەی بەناوی ئیسلاحاتی ئەرزی ڕوویدا لە ئێران، چەندە خێری بۆ جووتیار و کۆمەڵگای کوردستان بوو زۆرتر بەقازانجی دەرەبەگی کوردستان بووە. ئەوان باشترین زەویە شەشدانگەکانی وڵاتیان بۆخۆیان مسۆگەرکردووە. لەگەڵ ئیسلاحاتی ئەرزی لە ئێران دەرەبەگی ئێران زۆرترین باجی سیاسی وماڵیان لە حکومەت وەرگرت. ئاغاکان چونە ئیدارە و پۆستی بەدەسەڵاتی حکومەتی شا. بوونە ئەندامی مەجلیسی سەنا. لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لە ئێران ببوو، دەنگ و حکومی ئاغا هێشتا لەسەردەنگی خەڵکە. ئەوانەش وەک کۆنەدەسەڵات لەگەڵ سیستەمی حکومەت چوونە دەسەڵات و ئیدارەی مەملەکەتیان بەدەستە. لە سوپا و بەشی قەزایی و دادگا و ئیدارەکانی حکومەت زۆرتر منداڵی ئاغا و شێخ دەست ڕۆیشتوون. زۆرترینی مدیرعامیل و کاری ئاوایی کوردستان لە دەست ئاغاکانی سەربە دەسەڵاتی شان. بۆیە کشەی هەموو ئاڵوگۆڕێک دەبێ لە دەست ئەوان گوزرەبکات. گۆڕانی ئەوە شۆڕش و گەشەی شارستانی کۆمەڵایەتی لازم بوو. تاحەدێک ئەوە لە شارە گەورەکانی ئێران پەردەی لەسەرلاچووبوو ئەو سیستەمە دەورانی خۆی لەدەست دابوو.

بۆیە لێرە لە تاران و شارە پێشکەوتووەکان کەلتووری گوندنشینی نەبوو پێشت پێبگرێ و سەرزەنشتت بکات! تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەوانەوەی شەرم و شکانی ترس لە جادووی مەزهەب و قسەی مەلا و شێخ دەستی پێکردبوو. ئیدی ئەو خوڕافە درۆینانە بڕی نەدەکرد ئەوە دەرسی شیتانە و ئەوە قسەی ئاسمانە. ئەوە خۆی فەزایەک بوو فکر و ڕۆحت دەگۆڕا و زێهنت بەرەو شتی تازە و مودێڕن دەچوو. لێرەوە سیستەمی کەلان شەهری و تێکەڵاوی نەتەوەکان دەستی پێدەکرد.

لە فەزای کراوەی تاران دنیا جۆرێکیتربوو بۆ ئێمەی نەتەوە ژێردەستەکان دەبوو خۆی تێدابناسین. ئێمە لە وڵاتێکی هەژارو بێخزمەدترین سەرزەمین ژیابووین. ئاشنای بەم دۆخەنوێیە ئێمەمانانی دەبردە ناخی قوڵی بیرکردەنەوە و بەخۆداچونەوەمان ئێمە کێن و بۆ خاوەنی ئاوا سەرزەمینێکین هیچی تێدانییە. لەم نیگاخێرا بەجەغزی خۆماندادەگێڕا ئەو هزرە نەتەوەگەرایی و غورورە سەرکوت بووەی ناخت وەک نەتەوەی ژێردەست پاڵی دەنای دەبێ بیربکەیەوە بۆ ئەو سیستەم و حکومەتە ئاوایە! لەگەڵ گەشەی سەنعەت و پێشچونی ئابوری و گەشەی خوێندەواری و بوونی سیستەمی ئاوەدانی هەمەلایەن لە شاری وەک تاران هەستت دەکرد سیستمێکی کە هەیە ژیان ئیدارەدەکات. لێرە کەوشی تەنگەبەری ئەقڵی دێهات و قسەی شێخ و مەلا پێتی نەدەگوشی دەدتوانی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵگری. لێرە ئەگەر نەش چووینە قوتابخانە بەڵام ناسینی دنیای عیلم و زانست. خوو وڕەوشتی مودێڕنتر، فەزای سەرشەقام، بەرخورد لەگەڵ نەتەوەی جۆربەجۆر و زمانی موختەلیف چاوت دەکراوە و دەرکی حەقیقەت بۆ ژیان و بۆ ئازادی لە کردەوەی سەرشەقامەکان دەبیندرا و هەستت بەبوونی نێعمەتەکانی ژیان دەکرد. ئەوەش کەسایەتی تۆی تێکدا قاڵبڕێژدەبوو.

لێرە سینەما و تیئەتر و شانۆگەری، زانکۆ و قوتابخانە. هەڵسوکەوت لەگەڵ ئینسانی مودێڕن هیدایەتی دەکردی چی بکەی. ژن و پیاوی لیباس تازە و شیک پۆش. گەڕان و دانیشتن لە پارک بەبێ تانە و لۆمەی دەوروبەر. ژن و کچی ئازاد لە قوتابخانە، لە شوێنی کار و ئیدارات. پێکەنینی کوڕ و کچ بەیەکەوە ئەوە خۆی پاڵی پێوەدەنای چاوەکانت بکەیەوە و جۆرێکیتر ژیان فێرببی و بی ناسی.

لەشاری گەورەی ئەوکاتی تاراندا تاچاوبڕیدەکرد شەقامی قەرەباڵخ، پڕ لە دەوڵەمەند و فەقیر و مەخلوقاتی موختەلیف، ئەوە خۆی دەرس بوو بۆ فێربوون. بۆ ناسینی زاتی وڵات و ئەو کەلتوورەی دەسەڵات و ئاین دروستیان کردبوو، تا حکومی پێبکەن و دنیای زۆرداری بۆ خۆیان بپارێزن. تۆش وەک بینەرێکی ڕۆح پڕلەپرسیار دەبوو ئەوانە بناسی و بچیە قوڵاییەکەیەوە و لەگەڵیان بڕۆی.

لە پەنا ئەوەدا گەڕەکی حەڵەبیاوا و غارنشینەکانی تاران وجوودی بوو! ئەوەڵجارم بوو دەمدی خەڵک لەناو ئەو کون و کەلەبەرەی وەک کاناڵ لەژێر زەویەکەدا درووستیان کردووە دەژین. ئەوە لەکوردستان و لەدێهاتەکانیش وجوودی نەبوو. بێ ماڵ و کارتۆن خابەکان لەپەنا ئەو ماڵەخۆش و ڕازاوانەم لەتارانی گەورەدادەدی. هەر ئەوەدەم بۆخۆشم وەک کرێکار لەشیرکەتی

بیناسازی شەهرەکی ئەگباتانە لەنزیک تەیارەخانەی مێهراباد، وەک شاگرد بەننا دەستم کردبوو بەکار و ژیانی ئێمەش وەک کرێکار زۆر لەژیانی کارتۆن خابەکانی ناو شار باشتر نەبوو.

ئەوکات تەمەنم کەم بوو کەلەشیرکەتی بیناسازی ئەگباتانە کارم دەکرد. زوو بووم بەشاگرد بەننا ڕۆژێ بە ۲۲ تمەن. زۆرم پێخۆش بوو کە حقوقەکەم زۆرە و قەتیش لە کوردستان شتی وانەبوو. بەڵام کە کاسە سمیتەکەم هەڵدەگرت بۆ بەننای بەرم، زۆر قورس بوو چاک نەم دەتوانی هەڵی بگرم وەک کەمای گۆچان دەنوشتامەوە. تادەم بردە بەردەستی بەنناکە ماندوو دەبووم و چەندجار دامدەنا، لەسەر ئەو لاوازی و باش کارنەکردنەش زلە و شەقم بەردەکەوت. ئەگباتانە شارێک بوو تازە خەریک بوو بونیاددەندرا، ڕووبەڕووی مەیدانی شەهیاد و شەقامی بیستوچواری ئیسفەندو کوهی گیشابوو. بۆدروست کردنی ئەوشارە فەرانسەوی و ئەمریکاییەکان ئەو شیرەکەتەیان ئیدارە دەکرد لەچاو شیرکەتە ئێرانیەکان زۆر باشتربوو.

سەڵت و سەرسوک بووم. گەڕانی تاران زۆر خۆش بوو. بۆ ئاشنابوون بەخسوسیاتی خەڵک و جۆری ژیان و ناسینی کەلتوور و فەرق و جیاوازییەکان زۆرتر تاران گەڕام. ئەو کات هەرزان بوو بەئوتوبوسی دوو قڕانی هەموو تاران دەگەڕای.

لێرە لەسەرشەقام، لەکوچە و کۆڵان، لەشوێنی کار و پەنا دیوارەسمیتەکان، فەرق و جیاوازییەکان شەڕیان بوو. بنیادەمەکان لەیەک تورە دەبوون. کە ئەوانەت دەدی کێشەی ژیان و ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی لەڕادەبەدەر دەی تواندیەوە و تورەتردەبووی زۆرتریش دڵت بەخۆت دەما. ئیدی تۆ لەو کێشمەکێشەدا باشتر هاوشێوەی خۆت دەدی. دەوڵەمەند، فەقیر، فەرق و جیاوازی، شەڕی کەلتوور و زمان و نەتەوە و ئاینەکان. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە تاران خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ ژیانێکی نوێ لە ئێران.

تارانی گەورە لەچاو شارەکانی کوردستان زۆر جیاوازبوو دوو دنیای لەیەک دوور.

ئەو ناعەداڵەتیە نەحلەتیە لێرەش ئێمەی ئازاردەدا! ئێمە لەپەنا ئەو ماڵە خۆشانە، لەژێر سەرمای هەژدە دەرەجەی چیای ئەلبورز و شمیران لەژێر خێوەتی بڕێزێنتیدا دەژیاین. لە تارانی پڕلەبینای بەرزدا زۆر ماڵ و گەڕەکی وەک تورجانم دی. ماڵی دیوار گڵین و لا ڕوخاو. حەوشەی بێدەرگا و منداڵی تۆزاوی و شڕو ڕووت، هەر وەک کوردستان و ئاواییەکانی.

دوای ماوەیەک کارکردن لە ئەگباتانە ڕۆیشتم چوومە کارخانەی چیتیڕەی لە مەنتقەی نازیاباد. لەوێ دامەزرام و دەستم کرد بەکار لەبەشی تۆپ چینی و ئەمبار.

لە تارانی گەورەی پڕ لە ماڵی بەرز و دیوار لەخشتی ڕەنگاوڕەنگ دروست کراو، نازیابادم دی زۆر شڕو شپرزتر لە ئاوایی لارک و لەویزان بوون. دووررووبەری "وەنەک" لە تاران ئەوکات زۆر شڕبوو؟! ئێرەم لەگەڵ شەقامەکانی"وەنەک و ئفسەریە و میرداماد و تەجریشدا"وەک دوو وڵاتی زۆر لەیەک جیاواز هاتە بەرچاو؟ کە ئەوەت دەدی و فەرق و جیاوازییەکانت دەدی سەرت سووڕدەما بۆ ئەو دنیایە ئاوایە و ئینسانەکان ئاوا جیاواز دەژین و ئەو فەرق و جیاوازییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

بۆ ئاشنابوون بەمەنتقەی نازیاباد بەکۆڵان و شەقامەکانیدا ڕۆیشتم. ماڵە دیوار قوڕەکان. کۆڵانی خاکی و پیس هەروەک تورجان بوو. منداڵە تۆزاوی و لیباس شڕەکان لە کۆڵان ڕێی سەگ و پشیلە دەکەوتن. بەقاشولکە و قوتووە ژەنگاویەکان گەمەیان دەکرد. ئەگەرچی بەو فەرق و جیاوازیە ناڕەحەت بووم و نەشم دەزانی ڕێگا چارە بۆ حەلی ئەوانە چییە، بەبینی ئەو دیمەنانە خۆم و هاوڕێکانی خۆمم لە تورجان دەهاتە بەرچاو.

ئیدی من وردە وردە دنیای دەوروبەری خۆم و ڕابیتەی مرۆڤەکانم ناسی و بۆشاییە خراپەکانی ژیانم هەستدەکرد. لەو مەیدانە حەقیقەتەدا دەرک و فکری من بۆ ناسینی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، لە ١٣٥٥ لەدوو ڕوودابوو، کە منی بردە بوارێکی کراوەتر، کە بۆ خۆم ئەو خەڵکەم دی لەدەست زوڵم و ستەم بەتەنگ هاتبوون و دژی ڕاوەستان.

یەکیان مانگرتنی کرێکارانی چیتیڕەی لە ١٣٥٥ بوو، لەسەر حەق دەست و بیمە و غەزا و وەزعی کاربوو. هەر لەهاوینی ئەو ساڵەدا ناڕەزایەتی کرێکارانی شارەداری نازیاباد لە تاران ڕوویدا. تورەیی کرێکارانی شارەداری نازیاباد پەرەی سەند خەڵکی زۆر پشتیوانی بەربڵاوی لێکردن و بووە کێشەی خەڵک و دەوڵەت، کە لەو سەردەمدا لەزۆربەی ئێران دەنگی داوە. خەڵک ئوتۆمبێل و دوکانیان ئاورتێبەردا. شوشەی بانگیان شکاند. پۆلیسیان دارکاری کرد و شەقیان لەکڵاوی پاسەبان هەڵدەدا.

ئەو ڕووداوە و غیرەتی ڕاوەستانی خەڵک لەڕووی پۆلیسدا پاڵی بەونەوە دەنا تۆش مەترسە وەرەپێش. ئەوکات تەمەنم کەم بوو بەڕاستی لە پۆلیس و ژاندارم دەترسام. ڕووداوی ئاواشم نەدیبوو خەڵک دژی دەوڵەت قسە بکەن و جوابی پۆلیس و ژاندارمەری نەدەنەوە. لەلایەکی تریشەوە هیچ ئاشنایم لەگەڵ سیاسەتدا نەبوو، بۆ خۆشم سەرم لەهیچ دەرنەدەچوو کە شۆڕشی چینایەتی چیە و چینی کرێکار یانی چی. ئەوەندەم دەزانی دەبێ دەنگ هەڵبڕی و خۆت داوای مافی خۆت بکەی دەنا کەس جوابت ناداتەوە.

لەگەڵ ئەوانە ئەوەی منی هاندا بۆ پیشەوە یەکەم فەزای ماڵی خۆمان و نەسیحەتی برای خوێندەواربوو. دوو هەم مامم"ڕەحمان بەهرامی" کە ئەوکات پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە بوو. هەڵسووکەوتی ئەو و فەزای ماڵی خۆمان کاری کردە سەر بیرکردنەوەی من لەسەر ژیان و ڕاوەستان دژی زۆر.

فەزای ماڵی خۆمان و ئاستی خوێندەواری براکانم و بوونی کتێبی جۆربەجۆری وەک مێژوویی و ڕۆمان کە بوومان، ماڵی ئێمە لە چاو خەڵکی تری ئاوایی تایبەتیتربوو. ماڵی ئێمە لەو سەردەمەدا جوزوی خوێندەوارترین ماڵی تورجان بووین. لەزستاندا زۆری خەڵکی ئاوایی ڕوویان دەکردە ماڵی ئێمە بۆ شەونشینی و گوێ گرتن لەبەیتە خۆشەکانی باوکم و خوێندنەوەی داستان و کتێب. هەموو ئەوانەی ماون دەزانن ماڵی ئێمە لەشەوانی درێژی زستان، کەم شەوبوو میوانی لێ نەبێت و کتێب و داستانیان بۆ نەخوێندرێتەوە.

لەو گێرەوکێشە کۆمەڵایەتیانەدا، منیش وەک هەموو ئەو مرۆڤانەی هەستیان بەزوڵم و زۆر کردبوو، لەڕاپەڕینی ١٣٥٧ لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕش دژی دەسەڵاتی شا هاتمە ناو کۆڕی

ناڕەزایەتی خەڵک و پێم نا مەیدانی سیاسی. لەهەڵبژاردنی شوڕاکان لە شار و ئاوییەکان وەک نوێنەری خەڵک لەجێگای ئیداراتی دەوڵەتی، وەک یەکەمین لاو بۆ شوڕای ئاوایی خۆمان"تورجان"هەڵبژێردرام و بوومە ئەندامی شوڕای ئاوایی. لەوەبەدواوە من لە کۆڕوکۆبوونەوەی شوڕاکان و لەگەڵ کەسانی گەورەتر لەخۆم کۆدەبوومەوە و قسەم دەکرد. کاری خەڵکم ڕادەپەڕاند. شوڕا ببووە ئامرازی ئیدارەی ئاوایی و پێوەندی لەگەڵ شار و گوندەکانی تردا.

لەگەڵ دەست پێکردنی حەرەکەتە جەماوەریەکان لە کوردستان و دروست بوونی جەمعیەتەکان و تێکەڵاویم لەگەڵیان ئیدی زۆرتر بەسیاسەت ئاشنابووم. هەرڕۆژە چوونە کۆڕی کێشە سیاسیەکان و قسە کردن و ئاشنا بوونم بە کەسە سیاسی و چەپەکان،ئەوە بوو بەهۆی نزیک بوونەوەی زۆرترم لە منداڵە شاریەکان و لە کۆمەڵە. لەوکاتەوە تا ئێستا ژیانی سیاسیم لەناو کۆمەڵەدا بووە.

لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕش و وەرچەرخانێکی تر لەژیانی من و کرانەوەی فەزایەکی تازادتر لە کۆمەڵگای کوردستان، بۆ فێربوون و ئاشنا بوون بەزانستی سیاسی و عیلمی دووبارە من لەگەڵ هەڵسووڕانی کاری پێشمەرگانەمدا جارێکیتر دەستم بەخوێندن کردەوە. بەڵام ئەو کەلێنە خاڵییەی لەڕۆح و مێشکمدا دروست ببوو بۆ فێربوون، بەداخەوە هەربۆم پڕنەکراوە و بەجێ مام لەفێربوونێک کە لازم بوو. بەڵام کۆڵم نەداو بەشی خۆم لێهەڵکراند.

لە دەورانی کاری سیاسیمدا من لەبەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵە تاوەکوو کومیتە مەرکەزی کۆمەڵە کارم کردووە و زیاتر لە نزیک ٢١ ساڵ پێشمەرگە بووم. ئەوڵ بەرپرسی واحیدی پێشمەرگە بووم. حەوت ساڵ کارم لەبەشی ماڵی و تەسلیحاتی کۆمەڵە بوو. دوو ساڵ تەداڕوکاتی مقەڕە مەرکەزیەکانی کۆمەڵە بەناوی پارێزگاری. ساڵێک ئەندام کومیتەی ماڵی و تەسلیحاتی کۆمەڵە. لەساڵی ١٣٦٤ بە دواوە بەجێگای کومیتەکە من خۆم چوار ساڵ بەرپرسی تەداروکات و تەسلیحاتی مەرکەزی کۆمەڵە بووم.

هەموو کەسی ئەو سەردەم لەگەڵم هاوڕایە و بەیەکەوە لە حیزبێکدابووین و دەزانن ئەو کارەکارانە لەسەردەمی شەڕی چەکداری و لەژێر ئێحساسی شۆڕشی چەکداریدا، وەک بێنرخترین بەش بەحیساب دەهات و چاوی لێدەکرا؟ لە عەینی حاڵدا واتە کارکردن لە ئورگانە حیزبیەکانی جودا لەکاری چەکداری کەم بەهابوون. بەڵام ئورگاری تەداڕوکات و کارکردن لەگەڵ پوڵ لە هەموو شەڕێک باشتر مرۆڤەکان لەسەنگی مەحەک دەدات کێ خزمەت کاری وڵات و خەڵک و ئەهدافی ڕاستیە. بۆیە ئەو بەشە لەکاری ڕێکخراوەیی و ئیداری بەناوی تەداڕوکات، کە زۆر بەکەم بەها چاولێدەکرا خۆی کڵی تاقی کردنەوە بوو بۆ پاکی و ناپاکی لەکاری سیاسی و شۆڕش؟؟

هەموو کەس دەزانن هەڵە کردن و دزی و خیلاف کاری لە بەشی و ماڵی. دەست بردن بۆ دزی و خەیانەت چ بەهایەکی بوو!( لای من دزی خەیانەت و خزمەت بەدوژمن بوو ئێستاش ئاوا

بیردەکەمەوە). هەر کەس بەدز ناوی دەبرا سوک دەبوو وەک بۆمب هەموو کەسی دەهەژاند لەدژی. کەسە تۆمەتبارەکە لە کۆمەڵە و لە مێژوودا ڕووڕەش دبوو. کەس ناتوانێ بەڵی لە کارکردن هەڵە نابێت. نەخێر لە هەموو کارێکی‌تر سیاسی و ڕێکخراوەیی هەڵەکردن لەکارێکدا هەیە و کەسەکان زۆر سووک ناکەن؟! وتارنووسی سیاسی. نووسەری گۆڤار و ڕادیوێکان. کادری سیاسی و سەربازی لە کومیتە مەرکەزی هەڵەکانیان بۆ پینەدەکرا ترۆری سیاسی و شەخسی نەدەبوون. ئەگەر فەرماندەی سەربازی هێزیک لە مەیدانی شەڕ هەڵاتایە هێزەکەی بەجێبهێشتایە و گومانی ئەمنی لەسەربوایەت. بەرپرسێک مەیدانی شەڕی بەجێبهێشتایەت. ئەگەر کادرێکی باڵا تا پێشمەرگەیەک پەلاماری ژنی هاوڕێ و خەڵکی بدایەت ئەوە وەک فاسیدو دۆڕاو نەدەهاتە ئەژمار! ئەگەر لە خەڵکت هەڵدایە، تۆمەتت بۆ هاوڕێکەت هەڵبەستایەت زۆر کەم کار و درۆزینیش بوایەتی بۆت پەردەپۆش دەبوو سوک سەیرنەدەکرای. بەڵام ئەوە لەبەشی ماڵی. هەڵەی ماڵی و پوڵ جیاواز بوو وانەبوو. دزینی ٢٠ دینار لە هەموو ڕوویەکەوە جوورمی زۆرتربوو لە بەکوشدانی دەستە پێشمەرگەیەک. ئەوەش ڕوویداوە. زۆرجاربووە فەرماندەیەک گوردانێک پێشمەرگەی بەکوشداوە و هەڵاتووە کە گەڕاوەتەوە هیچی پێنەگوتراوە. بەسوک و خوێڕی سەیر نەکراوە!!؟

تەنانەت جورمی سیاسی و کەس کوشتن و کەم کاری و زۆر شتیتر زۆر قورس نییە و کەس بەوجۆرە دەنگی دەرنایەت؟! تەنانەت کەسەکان بەقەتڵ و خراپ کاریش ئاوا سوک و کەنەفت نەدەبوون؟ بەڵام ئەو کارە وەک بەشی ئابووری و ماڵی کە لەگەڵ ڕوخساری پوڵ سەروکارت بوو هەموو چاوەکان کراوەن بۆ خوێندنەوەی کردارت تابزانن چیدەکەی. ئەوەش وەک کارێکی هەستیار، لە عەینی حاڵدا بەسوک چاولێکردنی ئەو کەسەی لە تەداڕوکات کاریدەکرد، ئەوە ئیرادەی لە خۆبووردیی دەویست تا چاوە سیخوڕەکانی پشت سەرت خەجاڵەت بەکەیتەوە.

بەرخیلافی هەموو بەشەکانی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرسیستمێکداو لەهەر دەورەیەکدا، ئەو بەشە وەک کارکردن لە تەداڕوکات و کار لەگەڵ پوڵ تەرازوویەک بوو هەرڕۆژ تۆی تاقی دەکردەوە. بوارێک بوو لە هەموو بوارەکانی کاری سیاسەت حەساس‌تر و قورس‌تربوو. بۆیە قورس بوو دەبوو جورئەتت لەگەڵ پوڵ هەڵسەنگێنن و قورس و سوکی تۆ تاقی دەبووەوە. ئەڵبەتە لەو شۆڕشەدا زۆر کەسیش کە پلەی جۆربەجۆریان بوو لە کۆمەڵەدا، کە هاتنە ئەو بەشە و خۆیان لەگەڵ ڕوخساری پوڵ تاقیکردەوە ئەوانە ئاکامی زۆر خراپیان بوو لەوکارەدا و شکستیان هێنا و خۆیان دۆڕاند. زۆریشیان وەک بەرزی بانان بۆی دەرچوون! کارکردن لەو بەشەدا لە لەگەڵ پوڵ و لە تەداڕوکات دەریدەخست ئەو بەشە لەکاری سیاسی و ئیداری زۆر قورس‌تر لە هەر کارێکی ترە لە شۆڕشدا.

من وەک ئەحمەد بەهرامی"تورجان"، "لەوکارەدا حەوت ساڵ لەگەڵ پوڵ سەروکارم بوو. هەبوو نەبووی کۆمەڵەم لەبەردەستدا بوو. دەمکڕی، دەم فرۆشت. دایم ساکێک دینارو دۆلارم پێی بوو. وەک ئەمانەت دارێک ئەوەی کۆمەڵە بووی لەبەر دەستم دابوو چێ لێبکەم و چۆنی خەرج بکەم

و چۆنی خەرج نەکەم. پوڵم دەگۆڕییەوە. ئەسڵەحەم دەکڕێ و دەفرۆشت. بەرپرسی هەموو تەداڕوکات و تیسلحاتی مەرکەزی کۆمەڵەبووم، ئەوەی کۆمەڵەی پێدەژیا من بڕیارم لەسەردەدا. بەپێی موتمانەیەک لەلایەن ڕەهبەری کۆمەڵە بە من بوو بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ تەنیا من ئەو ئیختیارەم بوو هەرچی تەداڕوکات و ئەسڵەحە و موهیماتی کۆمەڵەیە من ئیدارەی بکەم. هەرچی بێکەم و بیپارێزم خۆم دەمزانی چیدەکەم. ئەوە من خۆم بووم بڕیارم دەدا و ڕاپۆرتم بە ڕەهبەری کۆمەڵە دەدا چیدەکەم و چم کردووە.

لەماوەی بەرپرسیم لەو کارەدا یەک جاریش بەوم من نەگوترا ئەوەت چی لێکردووە، ئەوە بۆ ئاوای لێهات و ئەو کەسری حیسابەت هەیە. من شەرافەت مەندانە کۆمەڵەم دەرک کرد و کۆمەڵەش منی دەناسی بۆیە وەک دوو مەوجودی ئەویندار بەیەک باوەڕمان بەیەک بوو دەبوو یەک بپارێزین.

بۆیە من بەبێ منەت لە هەموو کەس لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵەدا بەپێی پرێنسیپ و باوەڕێک، کە لەسەری پەروەردە ببووم و تەربێتی خانەوادەگی و ئەخلاقیم منی ئاوا خوڵقاندووە. بەو فەرهەنگە جوانەی لە ڕەهبەرانی گەورەی کۆمەڵە فێری بووم و منی ڕاهێنا دەبێ چۆن خزمەت بەکەم. سەرفرازم پاک ئەو ئەمانەتەی شۆڕش و خوێنی هاوڕێکانم پاراست و خەیانەتم لە حیزبەکەم و خەڵکەکەم نەکرد. ڕۆژێک بەخەیاڵمدا نەهات ناپاکی بکەم و نەشمکرد. با منداڵەکانم، هاوڕێکانم، کەسوکارم خاترجەم پاڵ بدەنەوە من وەک پێشمەرگەیەکی سوێندی خوارد لەگەڵ ئامانج و حیزب و خەڵکی پاک کارم کرد و لێی دەربازبووم.

١٣٦٨ ئەو کاتەی کومونیزمی کرێکای بەناوی چەپ لە کۆمەڵە دەسەڵاتی گرتەدەست، من وەک لایەنگری لە کۆمەڵە و شۆڕشی کوردستان لەسەر دژایەتی لەگەڵ کومونیزمی کاریگەری لە مەسئولییەت لابرام و بەرپرسیارێتیم لێ ساندراوە. دوای ڕۆیشتنی کومونیزمی کرێکاری و شۆڕش بەجێهێشتنیان. بۆ هەستانەوەی کۆمەڵە لە ١٣٧٠ لە کوردستان مامەوە تا ساڵی ١٣٧٩ کۆمەڵەم بەجێنەهێشت. دوای دروست بوونی ئیختلافی دووهەم و دروست بوونی شەڕێکی تری دەسەڵات لە کۆمەڵەدا، هەر چەند ئەوە تاڵترین ساتی ژیانم بوو، کە دەست لە ئەندامەتی کۆمەڵە هەڵگرم، پاییزی ١٣٧٨ من بڕیارمدا نەبمە داردەستی کەس دژی جەستەی کۆمەڵە و واریدی شەڕی مەحفەلەکانی ناو کۆمەڵە نەبوومەوە. بۆیە سەری خۆم هەڵگرت وەک هەموو ئەوانەی بەئیجبارو بەجەستە! نەک بەڕۆح و بەفکر کۆمەڵەیان بەجێهێشت، منیش کوردستانم بەجێهێشت و نەچوومە ڕیزی مەحفەلەکانی ناو کۆمەڵە بۆ لەتکردنی دووبارەی کۆمەڵە و شەڕەجنێوی درۆین.

ئەحمەد بەهرامی"تورجاننزادە" بەهاری ١٣٨٥